۞ تِلۡكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلۡنَا بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۘ مِّنۡهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُۖ
وَرَفَعَ بَعۡضَهُمۡ دَرَجَٰتٖۚ وَءَاتَيۡنَا عِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ
وَأَيَّدۡنَٰهُ بِرُوحِ ٱلۡقُدُسِۗ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقۡتَتَلَ ٱلَّذِينَ
مِنۢ بَعۡدِهِم مِّنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ وَلَٰكِنِ ٱخۡتَلَفُواْ
فَمِنۡهُم مَّنۡ ءَامَنَ وَمِنۡهُم مَّن كَفَرَۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقۡتَتَلُواْ
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ ﴿٢٥٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ
مِمَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا بَيۡعٞ فِيهِ وَلَا خُلَّةٞ وَلَا
شَفَٰعَةٞۗ وَٱلۡكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٥٤﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ
ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا
فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ
أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا
شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ
وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ
مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ
ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥٦﴾

(٢٥٣) ئەو پێغەمبەرانەی (باسکران) ڕێزی هەندێکیانمان داوە بەسەر هەندێکی تریاندا، هەیانە خوا گفتوگۆی (یەکسەری) لەگەڵدا کردووە (وەك موسا) و پلەوپایەی هەندێکیانی بەرز کردوتەوە بە چەندەها پلە (وەك محمد ﷺ)، چەندەها بەڵگەی روون و ئاشکرامان بەخشیووە بەعیسای کوڕی مەریەم، (وەك زیندووکردنەوەی مردوو، چاکردنەوەی نەخۆشی زگماك،... هتد بەویستی خوا)، پشتگیریشمان کردووە بە فریشتەی سرووش کە (جوبرەئیل)ە، خۆ ئەگەر خوا ویستی لەسەر بوایە (ئەو خەڵکە هەمووی باوەڕدار دەبوون)، دوای هاتنی پێغەمبەرەکانیان جەنگیان دژبەیەك نەدەکرد، پاش ئەوەی چەندەها بەڵگەی ئاشکرایان (لەسەردەستی پێغەمبەران) بۆ هاتبوو، بەڵام دووبەرەکی کەوتە نێوانیانەوە، هەندێکیان ئیمان و باوەڕی هێناو، هەندێکیشیان بێباوەڕ بوو، ئەگەر خوا ویستی لەسەر بوایە جەنگیان دژ بەیەك نەدەکردو یەکتریان نەدەکوشت، بەڵام خوا هەرچیەکی بوێت هەر ئەوە ئەنجام دەدات هەر ئەوە پێش دەهێنێت. (ویستی خوا لەسەرو هەموو ویستەکانەوەیە).

(٢٥٤) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لەوماڵ و سامان و دارایی و (عیلم و زانست و تواناییە)ی کە پێمان بەخشیوون؛ ببەخشن، پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت کە کڕین و فرۆشتن و دۆستایەتی و تکاکاری تیادانیە، (ئەو ڕۆژە) بێباوەڕان هەر خۆیان لە ڕیزی ستەمکاراندان.

(٢٥٥) خوا زاتێکە جگە ئەو هیچ خوایەکی تر نیە کە شایەنی پەرستین بێت، ئەو هەمیشە زیندووە و راگرو سەرپەرشتیاری (هەموو دروست کراوەکانیەتی)، نە وەنەوز دەیگرێت و نە خەو (چونکە راگرو سەرپەرشتیاری بوونەوەرە)، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر ئەوزاتە خاوەنیانە، کێیە ئەوەی (دەتوانێت) تکا بکات لە لای بەبێ مۆڵەتی خۆی، دەشزانێت چی لە ئێستاو داهاتوو و رابووردودا روویداوەو روودەدات، هیچ کام لە دروستکراوانی زانست و زانیاری تەواویان نیە دەربارەی زانیاری و زانستەکانی ئەو، مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت فێریان بکات (ئەم پێشکەوتن و زانستەی سەردەم بەشێکی کەمن لە بەخششەکانی خوا)، کورسی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی ئەوزاتە هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە و پارێزگاریان بەلای خواوە هیچ گران نیە و ماندووی ناکات و هەر ئەو خوایەکی بەرزو بڵند و گەورەیە.

(٢٥٦) بەهیچ جۆرێك زۆر کردن نیە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا (دینداریی بەزۆر نابێت بکرێت و دین بەزۆر نادرێت بەسەر کەسدا)، چونکە بەراستی ڕێبازی چاك و دروست؛ روون و ئاشکرا بووە و جیابۆتەوە لەگومرایی و سەرکەشی، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە ـ طاغوت ـ (کە بریتیە لە: هەموو ڕێگەو ڕێبازو هێزو بەرنامەو لاداْن و بتێك)و باوەڕی دامەزراو بهێنێت بەخوا، جا بێگومان ئەوکەسە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆکاری رزگارییەوە، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ کەوتووە، کە هیچ پسان و هەڵوەشاندنەوەیەکی بۆ نیە و هەمیشە پتەو دامەزراوە، خوای گەورەش هەمیشە بیسەرو زانایە.

ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ
وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَوۡلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخۡرِجُونَهُم مِّنَ
ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِۗ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا
خَٰلِدُونَ ﴿٢٥٧﴾ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِي حَآجَّ إِبۡرَٰهِـۧمَ فِي رَبِّهِۦٓ
أَنۡ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ إِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ رَبِّيَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ
وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحۡيِۦ وَأُمِيتُۖ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأۡتِي
بِٱلشَّمۡسِ مِنَ ٱلۡمَشۡرِقِ فَأۡتِ بِهَا مِنَ ٱلۡمَغۡرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِي
كَفَرَۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٥٨﴾ أَوۡ كَٱلَّذِي مَرَّ
عَلَىٰ قَرۡيَةٖ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحۡيِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ
بَعۡدَ مَوۡتِهَاۖ فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِاْئَةَ عَامٖ ثُمَّ بَعَثَهُۥۖ قَالَ كَمۡ لَبِثۡتَۖ
قَالَ لَبِثۡتُ يَوۡمًا أَوۡ بَعۡضَ يَوۡمٖۖ قَالَ بَل لَّبِثۡتَ مِاْئَةَ عَامٖ
فَٱنظُرۡ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمۡ يَتَسَنَّهۡۖ وَٱنظُرۡ إِلَىٰ
حِمَارِكَ وَلِنَجۡعَلَكَ ءَايَةٗ لِّلنَّاسِۖ وَٱنظُرۡ إِلَى
ٱلۡعِظَامِ كَيۡفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكۡسُوهَا لَحۡمٗاۚ فَلَمَّا
تَبَيَّنَ لَهُۥ قَالَ أَعۡلَمُ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٢٥٩﴾

(٢٥٧) خوا پشت و پەنا و خاوەنی ئەو کەسانەیە باوەڕیان هێناوە، لە تاریکاییەکانی (گومان و ستەم) دەریان دەهێنێت و دەیانبات بەرەو نوورو ڕووناکی، ئەوانەش کە ڕێبازی کوفریان گرتۆتەبەر، یارمەتی دەرەکانیان تەنها ـ طاغوتەکانە ـ، لە نوورو ڕووناکی دەریان دەهێنن و بەرەو تاریکاییەکان دەیانبەن، ئا ئەوانە نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخن و بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

(٢٥٨) ئایا نەتبیستووە و نەتروانیوەتە ئەو کەسەی دەمەقاڵەی دەکرد لەگەڵ ئیبراهیمدا ﷵ لە بارەی پەروەردگاریەوە لەبەر ئەوەی خوا پاشایەتی پێبەخشی بوو، (لە جیاتی باوەڕهێنان و سوپاسگوزاریی) دەمەدەمێی دەکرد لەگەڵ ئیبراهیمدا، (ئەم لووت بەرزیەشی کاتێك بوو بە هەواو فیزەوە) پرسیویەتی لە ئیبراهیم کە پەروەردگاری تۆ کێیە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: پەروەردگاری من ئەوزاتەیە کە ژیان دەبەخشێت و مردنیشی بەدەستە، (نەمروود لە وەڵامیدا) وتی: جا منیش ژیان دەبەخشم و مرنیشم بەدەستە، (ئینجا فەرمانیدا هەندێك لە نەیارانی بکوژن گوایە ئەوە دەیانمرێنێت، هەندێکیشی نەکوشت گوایە ئەوە ژیانی پێبەخشین!!!)، ئەوسا ئیبراهیم وتی: بەراستی خوا خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدەهێنێت جا (ئەگەر تۆ دەتوانیت) لە ڕۆژئاواوە بیهێنە، ئینجا ئەو بێباوەڕە ڕەنگی پەڕی و دەمکوت کراو وەڵامی نەما، بێگومان خوا هیدایەتی قەومی زاڵم و ستەمکار نادات.

(٢٥٩) یاخود وەك ئەو کەسەی تێپەڕی بەلای شارۆچکەیەکدا کە هەموو خانوەکانی بەسەر سەقفەکانیدا تەپی بوون، لەبەر خۆیەوە وتی: ئاخۆ خوای گەورە چۆن خەڵکی ئەم شارۆچکەیە دوای مردنیان زیندووی دەکاتەوە؟! (ئەو کەسە عوزەیر پێغەمبەر بوو ﷵ) یەکسەر خوای گەورە سەد ساڵ مراندی، پاشان زیندووی کردەوە و پێی فەرموو: چەند مایتەوە؟ (عوزەیر) وتی: ڕۆژێك یان کەمتر لە ڕۆژێك ماومەتەوە، (خوا) فەرمووی: نەخێر ئەوە سەد ساڵت پێچووە، جا تەماشای خواردن و خواردنەوەکەت بکە (لەو ماوە درێژەدا) نەگۆڕاوە و تێك نەچووە، تەماشای گوێدرێژەکەت بکە، (بۆیە ئەمەمانکرد) تا بەم بەسەرهاتە بتکەینە موعجیزە بۆ خەڵکیی، جا سەیری ئێسکەکانی (گوێدرێژەکەت بکە) چۆن بەیەکەوەیان دەبەستین و پاشان بەگۆشت دایاندەپۆشین، کاتێك بینی و بۆی دەرکەوت وتی: چاك دەزانم و دڵنیام بەراستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِۦمُ رَبِّ أَرِنِى كَيْفَ تُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ قَالَ أَوَلَمْ
تُؤْمِن ۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِى ۖ قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ
ٱلطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ ٱجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا
ثُمَّ ٱدْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا ۚ وَٱعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦٠﴾
مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ
أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّا۟ئَةُ حَبَّةٍ ۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ
لِمَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ
فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَآ أَنفَقُوا۟ مَنًّا وَلَآ أَذًى ۙ لَّهُمْ
أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ
﴿٢٦٢﴾ ۞ قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ
أَذًى ۗ وَٱللَّهُ غَنِىٌّ حَلِيمٌ ﴿٢٦٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُبْطِلُوا۟
صَدَقَٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ كَٱلَّذِى يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ
وَلَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۖ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ
تُرَابٌ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا ۖ لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ
شَىْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٦٤﴾

(٢٦٠) بە یاد بهێنە، کاتێك ئیبراهیم وتی: پەروەردگارا نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە؟ خوا فەرمووی: ئایا باوەڕناکەیت؟ ئیبراهیم وتی: بەڵێ (باوەڕم هەیە) بەڵام حەزدەکەم (بەچاوی خۆم ببینم) تا دڵم ئارام بگرێت، خوا فەرمووی: جاکەواتە چوار باڵندە بهێنەو جوان سەرنجیان بدەو دوایی هەر چواریان سەربڕەو گۆشتەو پەڕ و خوێنیان تێکەڵ بکە، ئەوسا لەسەر لوتکەی هەر شاخێك هەندێك لەو تێکەڵەیە دابنێ، پاشان بانگیان بکە، بەگورجی و بەپەلە هەموویان دێنەوە بۆ لات، چاك بزانە و دڵنیابە بەراستی خوا باڵادەست و کار بەجێیە.

(٢٦١) نمونەی ئەوانەی کە ماڵ و سامانیان دەبەخشن لە پێناوی‌خوادا، وەکو تۆوێك وایە کە بڕوێت و حەوت گوڵی گرتبێت، لە هەر گوڵێکدا سەد دانەی تیادا بێت، خوایش بۆ هەرکەس کە بیەوێت (بە گوێرەی نیەتی و جێگرتنی خێرەکەی) پاداشت چەند بەرامبەر دەکات و خوا فراوانگیر و زانایە.

(٢٦٢) ئەوانەی ماڵ و داراییان دەبەخشن لە ڕێگەی خوادا، بەدوای ئەوەی بەخشیوویانە هیچ جۆرە منەتێك نانێن و هیچ جۆرە ئازارێك ناگەیەنن، (ئەوانە) تەنها پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، هیچ ترس و بیمیان لەسەرنیە (لە کەم و کووڕیی پاداشت و تەنگانەی قیامەت)، غەم و پەژارەش رویان تێ ناکات.

(٢٦٣) قسەو گوفتاری جوان و چاوپۆشیەك (لە هەڵە)، چاکترە لە بەخشینێك کە ئازاری بەدوادا بێت و منەت بکرێت، خوایش دەوڵەمەندو بێ نیازە (لە بەخشینی بەمنەت) و خۆڕاگرو لەسەر خۆیە (زوو تۆڵە ناسێنێت لە سەرکەش و یاخییەکان).

(٢٦٤) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، نەکەن خێرو پاداشتی چاکەکانتان پووچ بکەنەوە بە منەت نان و دڵ ئازاردانی (هەژاران)، وەکو ئەو کەسەی ماڵ و سامانی خۆی لەبەر چاوی خەڵکی ببەخشێت بۆ ریاکاریی و خۆنواندن و ئیمان و باوەڕی بەخواو رۆژی دوایی نەبێت، جا نموونەی ئەو جۆرە کەسانە وەك بەردێکی ساف وایە کە خۆڵێکی بە سەرەوە بێت، لەوەودوا بارانێکی لێزمە ببارێت بەسەریداو هیچی بەسەرەوە نەهێڵێت و بەرەق و تەقی بەجێی بهێڵێت و حەقیقەتی دەربکەوێت، (ئینجا ئەو جۆرە ریابازو بێباوەڕو منەتنەرانە) هیچ جۆرە بەهرەیەك لەو بەخشینەیان بەدەست ناهێنن، بێگومان خوای گەورە ڕێنموویی قەومی بێ باوەڕو کافران ناکات.

وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ
وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍۭ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ
فَـَٔاتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ
وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٢٦٥) أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ
لَهُۥ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ لَهُۥ
فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَأَصَابَهُ ٱلْكِبَرُ وَلَهُۥ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَآءُ
فَأَصَابَهَآ إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَٱحْتَرَقَتْ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ
لَكُمُ ٱلْـَٔايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ (٢٦٦) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوٓا۟ أَنفِقُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا
لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَلَا تَيَمَّمُوا۟ ٱلْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم
بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغْمِضُوا۟ فِيهِ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ حَمِيدٌ
(٢٦٧) ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ
وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ (٢٦٨)
يُؤْتِى ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ
أُوتِىَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ (٢٦٩)

(٢٦٥) نموونەی ئەوانەی ماڵ و سامانیان دەبەخشن لە پێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوادا و بۆ دامەزراندن و ڕاهێنانی خۆیان لەسەر چاکەکاری، وەکو باخچەیەك وایە: لە بەرزاییەکدا بێت و بارانێکی دڵۆپ گەورە بیگرێتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی کە دوو بەرامبەر بەرهەمی هەبێت، خۆ ئەگەر بارانی دڵۆپ گەورەش نەیگررێتەوە، ئەوە نمە باران پاراوی دەکات، خوای گەورەش بینایە بەو کارو کردەوانەی کەدەیکەن.

(٢٦٦) ئایا هیچ کەس لەئێوە حەز دەکات باخێکی هەبێت لە دارخورماو چەندەها جۆر ڕەزە ترێ پێك هاتبێت و چەند جۆگەو و ڕووبارێك بەژێر درەختەکانیدا بڕوات و هەموو جۆرە بەروبوومێکی تێدا بێت بۆ خاوەنەکەی و خۆی دووچاری پیری بووبێت و چەند نەوەو منداڵێکی لاوازی هەبێت، کەچی لەناکاو گەردەلولێك کە گروگەرمیەکی بەهێزی تێدابێت هەڵکاتەسەری و یەکسەر باخەکە بسووتێت؟! (ئەمە زۆرجێی داخ‌ونیگەرانیە چونکە نەخۆی لەبەر پیری، نەمنداڵی، لەبەر بێ هێزی، ناتوانن باخەکە ئاوەدان بکەنەوە)، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەت‌و بەڵگەو نیشانەکان دەخاتە بەرچاوتان بۆ ئەوەی تێفکرن و بیربکەنەوە (خۆتان مایەپووچ و ڕەنج بەخسار نەکەن).

(٢٦٧) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە: ببەخشن لە باشترین بەروبووم و بەرهەمێك کە بەدەستان هێناوە، لەو بەروبوومانەی کە لە زەویدا بۆمان دەرهێناون و ڕواندوومانە، نەکەن نیازی بەخشینی شتی ناپوخت و بێ کەڵك بکەن و لەو ببەخشن، لەکاتێکدا خۆتان ئەو جۆرە شتانە وەرناگرن و پێی ڕازی نابن (ئەگەر بتاندرێتێ) مەگەر چاوی لێ بنوقێنن و بزانن کە خوا دەوڵەمەندو بێ‌نیازە و شایستەی سوپاسە (پێویستی بەبەخشینی بێ نرخ نیە).

(٢٦٨) (کاتێ ئێوە لە ماڵ و داراییتان دەبەخشن شەیتان بەڵێنی هەژاری و نەداریتان پێ دەدات (دەتانترسێنێت بە هەژاری) و فەرمانتان پێ دەدات بەگوناهو تاوان و خراپە و نەبەخشین، خوای گەورەش بەڵێنی لێخۆش بوونێکی تایبەتی خۆیتان پێدەدات لەگەڵ زۆری ڕۆزی و بەهرەی فراواندا خوای گەورەش فراوانگیرو زانایە.

(٢٦٩) ئەوزاتە بەهەر کەس بیەوێت و (شایستە بێت) حیکمەت و دانایی پێ دەبەخشێت، جا هەر کەس حیکمەتی پێ ببەخشرێت، ئەوە بێگومان خێرێکی زۆری پێدراوە، جا بێجگە لە ژیر و هۆشمەندەکان کەسانی تر لەو بەهرەیە تێناگەن و پەند وەرناگرن.

وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ
يَعْلَمُهُۥ ۗ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٢٧٠﴾ إِن تُبْدُوا۟
ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِىَ ۖ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا ٱلْفُقَرَآءَ
فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۚ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّـَٔاتِكُمْ ۗ
وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٢٧١﴾ ۞ لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ ۗ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ
فَلِأَنفُسِكُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ ٱللَّهِ ۚ
وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ
﴿٢٧٢﴾ لِلْفُقَرَآءِ ٱلَّذِينَ أُحْصِرُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ
لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِى ٱلْأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ
ٱلْجَاهِلُ أَغْنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَٰهُمْ
لَا يَسْـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلْحَافًا ۗ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ
فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ﴿٢٧٣﴾ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُم
بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ سِرًّا وَعَلَانِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ
رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٢٧٤﴾

(٢٧٠) هەر شتێكتان بەخشی بێت یان هەر نـەزرو بڕیارێكتان دابێت، ئـەوە خـوا پـێی دەزانـێت، بـۆ ستەمكارانیش هیچ جـۆرە پشـتیوانـیەك نـیە (كـە بیانپارێزێ لە تۆڵەی خوا).

(٢٧١) ئەگەر خێرو چاكـە و بـەخشینەكـانتان بـە ئاشكرا ئەنجام بدەن ئەوە شتێكی چاكە، خۆ ئەگەر بیشارنەوە و بیدەن بـە هـەژاران بـە نـهێنی ئـەوە چاكترە بۆتان، جا (بەو بەخشینە) خـوا هـەندێك لە گوناهەكانتان دەسڕێتەوە، خـوای پـەروەردگاریش ئاگایە بەو كارو كردەوانەی كە ئەنجامی دەدەن.

(٢٧٢) ئەی پێغەمبەر ﷺ هیدایەت و ڕێـنموویی و موسوڵمان كردنی ئەو خەڵكە لەسەر تۆ نیە (چونكە تۆ تەنها گەیاندنی پەیامەكەت لەسەرە) بەڵام خوا هیدایەت و ڕێنموویی هەركەسێكی بوێت دەیكات، (بە مەرجێك ئەو كەسەش ڕووی دڵی بكاتە ئیمان) هەر خێرێكیش ئەنجام بـدەن، ئەوە قازانجەكەی بۆ خۆتانە، ئێوە (ئەی بڕواداران) هیچ شتێك نابەخشن مەگەر بۆ ڕەزامەندی خوا نەبێت، هەر خێرو چاكەیەكیش ئەنجام بدەن پاداشتەكەیتان دەست دەكەوێتەوە، ئەوسا ئێوە بەهیچ شێوەیەك ستەمتان لێناكرێت.

(٢٧٣) (ئەو جۆرە بەخشینانە پێشكەش بكەن) بەو هەژارانەی لە پێناوی خـوادا لێـبڕاون و ناتوانن بگەڕێن بە زەویدا و بازرگانی و كاسبی بكەن (بەهۆی خەریك بوونیان بەگەیاندنی پەیامی خوا)، ئەوەی نەیانناسێت، (ئەو هەژارانە ئەوەندە كەسایەتی خۆیان رادەگرن و نەفس بەرزن)، وادەزانێت دەوڵەمەندن، تۆ ئەی پێغەمبەر ﷺ، (ئەی ئیماندار) بە ڕەنگ و ڕوخسارو سیمایاندا دەیانناسیت، داواناكەن لەخەڵكی بەزۆر شتی لێبسەنن و رووگیریان بكـەن، هـەر خێرێك ئەنجام بدەن ئەوە بێگومان خوا زانایە پێی.

(٢٧٤) ئەوانەی ماڵ و سامانیان دەبەخشن، بەشەو و بە ڕۆژ، بە نهێنی و بە ئاشكرا، ئا ئەوانە هەر پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، ترس و بیمیان لەسەر نـیە، ئـەوان خـەفەتبار نـابن (لە ڕۆژی قیامەت و لپپرسینەوەدا).

ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِي
يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡبَيۡعُ
مِثۡلُ ٱلرِّبَوٰاْۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوۡعِظَةٞ
مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمۡرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَنۡ عَادَ
فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢٧٥ يَمۡحَقُ
ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرۡبِي ٱلصَّدَقَٰتِۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ ٢٧٦
إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ
وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ لَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ
وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٢٧٧ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ
وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٢٧٨ فَإِن لَّمۡ تَفۡعَلُواْ
فَأۡذَنُواْ بِحَرۡبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَإِن تُبۡتُمۡ فَلَكُمۡ رُءُوسُ
أَمۡوَٰلِكُمۡ لَا تَظۡلِمُونَ وَلَا تُظۡلَمُونَ ٢٧٩ وَإِن كَانَ
ذُو عُسۡرَةٖ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيۡسَرَةٖۚ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ
إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٢٨٠ وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى
ٱللَّهِۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ٢٨١

(٢٧٥) ئەوانەی سوو دەخۆن، هەڵسو کەوت ناکەن و راست نابنەوە (لە گۆڕدا) مەگەر وەك ئەو کەسەی کە شەیتان دەستی لێوەشاندبێت (هەر لە دنیادا سروشتی نین، لە قیامەتیشدا وەك شێت دەبن) چونکە ئەوانە دەڵێن: کرین و فرۆشتن وەك سوو وایە (لە حاڵێکدا): خوا کرین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووەو سووی حەرام کردووە، جا ئەوەی ئامۆژگاری پەروەردگاری پێگەیشت و وازی هێنا، ئەوەی دەستی کەوتووە، بۆ خۆی، کاری (لێ پرسینەوەشی) دەکەوێتە لای خوا، بەڵام ئەوەی دەست بکاتەوە بەسوو خۆریی، ئا ئەوانە جێنشینی ناو ئاگری دۆزەخن و ژیانی هەمیشەیی تیادا دەبەنەسەر.

(٢٧٦) خوا سوو، تەفرو تونا دەکات و بەرەکەتی لێ هەڵدەگرێت، بەڵام پاداشتی خێر و سامان بەخشین برەو پێ دەدات و بەرەکەتی تێ دەخات بێگومان خوا هیچ کافرێکی تاوانباری خۆشناوێت.

(٢٧٧) بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە و نوێژەکانایان بەچاکی بەجێهێناوە و زەکاتیان داوە، تەنها پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، ئەوسا نە ترس و بیمیان لەسەرە، نەغەم و پەژارە دەیان گرێتەوە.

(٢٧٨) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، پارێزکارو خواناس بن و واز لە پاشماوەی سوو بهێنن ئەگەر ئیماندارن...

(٢٧٩) خۆ ئەگەر وانەکەن، ئەوە جەنگ لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەیدا رابگەیەنن (کەسەرئەنجامەکەی زۆر سامناکە)، خۆ ئەگەر تەوبە بکەن و (لە سوو خۆری واز بهێنن) ئەوە تەنها سەرمایەکانتان بۆ هەیە وەری بگرنەوە، نە ستەم دەکەن (لە قەرزارەکان)، نە ستەمتان لێ دەکرێت.

(٢٨٠) خۆ ئەگەر قەرزارەکە نەدار بوو، مۆڵەتی بدرێ تا دەرووی لێ دەکرێتەوە و دەبیبێت، خێر کردنتان بە قەرزارەکە و ئازاد کردن و بەخشینی (قەرزەکە یان هەندێکی)، چاکترە بۆتان ئەگەر ئێوە بزانن (چەندە پاداشتی خوایی بێ سنوورە).

(٢٨١) (خەڵکینە) لە سزاو تۆڵەی رۆژێك بترسن کە تیایدا بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە، لەوەودوا هەموو کەس پاداشتی کاروکردەوەی خۆی وەردەگرێت و ستەمیان لێ ناکرێت.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيۡنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى
فَٱكۡتُبُوهُۚ وَلۡيَكۡتُب بَّيۡنَكُمۡ كَاتِبُۢ بِٱلۡعَدۡلِۚ وَلَا يَأۡبَ
كَاتِبٌ أَن يَكۡتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ ٱللَّهُۚ فَلۡيَكۡتُبۡ وَلۡيُمۡلِلِ
ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ وَلۡيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ وَلَا يَبۡخَسۡ مِنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ
فَإِن كَانَ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ سَفِيهًا أَوۡ ضَعِيفًا أَوۡ لَا يَسۡتَطِيعُ
أَن يُمِلَّ هُوَ فَلۡيُمۡلِلۡ وَلِيُّهُۥ بِٱلۡعَدۡلِۚ وَٱسۡتَشۡهِدُواْ شَهِيدَيۡنِ
مِن رِّجَالِكُمۡۖ فَإِن لَّمۡ يَكُونَا رَجُلَيۡنِ فَرَجُلٞ وَٱمۡرَأَتَانِ
مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ
إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰۚ وَلَا يَأۡبَ ٱلشُّهَدَآءُ إِذَا مَا دُعُواْۚ وَلَا تَسۡـَٔمُوٓاْ
أَن تَكۡتُبُوهُ صَغِيرًا أَوۡ كَبِيرًا إِلَىٰٓ أَجَلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ أَقۡسَطُ
عِندَ ٱللَّهِ وَأَقۡوَمُ لِلشَّهَٰدَةِ وَأَدۡنَىٰٓ أَلَّا تَرۡتَابُوٓاْ إِلَّآ أَن تَكُونَ
تِجَٰرَةً حَاضِرَةٗ تُدِيرُونَهَا بَيۡنَكُمۡ فَلَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٌ
أَلَّا تَكۡتُبُوهَاۗ وَأَشۡهِدُوٓاْ إِذَا تَبَايَعۡتُمۡۚ وَلَا يُضَآرَّ كَاتِبٞ
وَلَا شَهِيدٞۚ وَإِن تَفۡعَلُواْ فَإِنَّهُۥ فُسُوقُۢ بِكُمۡۗ وَٱتَّقُواْ
ٱللَّهَۖ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ٢٨٢

(٢٨٢) ئەی ئـەوانـەی بـاوەڕتان هـێناوە ئـەگـەر قەرزێکتان کرد لە یەکتر تا ماوەیەکی دیاری کراو، ئەوە بینوسن، بـا نـووسەرێك کـە دادپـەروەربێت بەڕاستی و دروستی لە نێوانتاندا بینوسێت، با هیچ نوسەرێك سەرپێـچی نەکات لە نوسین، هـەر وەك چۆن خوا فێـری کرووە با بـنوسێت، (خـۆ ئـەگـەر کەسێك خوێندەوار نەبێت) ئەوەی کە حـەقەکـەی بەسەرەوەیە و قەرزەکەی لایە بـا بـەدەمی خـۆی (ئەندازەی قەرزەکەی) بەکاتبەکە بڵێت و لە خوای پـــەروەردگاری بـترسێت و چـاوپۆشی لە هـیچی نەکات و لێی کەم نەکاتەوە، خـۆ ئـەگـەر ئـەوەی قەرزەکەی لەسەرە هـەڵەشە بـوو، یـا لاواز بـوو (منداڵ یان بەساڵاچوو بوو) یا نەیدەتوانی دان بـە حەقەکەدا بنێت (کەڕوڵاڵ بوو) با بەخێوکەر، یا سەرپەرشتیارەکەی دادگەرانە حـەقیقەت و ڕاستی قەرزەکەی بڵێت، با دوو پیاو لە خۆتان شایەت بنلەسەر (قەرزو مامەڵەکە)، ئەگەر دووپیاو دەستنەکەوتن بۆ شایەتی، با پیاوێك و دوو ئافرەت شایەتییەکە بدەن لەوکەسانەی کە ڕازین بە شایەتیدانیان، نەوەك و یەکێك لە (ئافرەتەکان) بیری بچێت، با ئەوی تریان بـیری بهێنێتەوە و شایەتەکان نابێت کە کاتێك داواکران خۆ وێڵ بکەن و ئامادە نەبن، بـێزار مـەبن لەوەی کە (قەرز) بنووسن، کەم بێت یان زۆر و تا ماوەی دیاری کراوی، بە ڕوونی با یاداشت بکرێت، ئەنجامدانی مەسەلەی قەرز بەو شێوە دادپەروەرانەیە و پەسەندترە لای خوا چونکە چاکتر دەتوانن شایەتی ڕاگرن و نزیکترە لەوەی گومان و دوودڵی بەیەکتر نەبەن (مافی کەس تیا نەچێت)، مەگەر بازرگانیەك بێت لەبەر دەستداو لە نێو خۆتاندا بیگێڕن و کرین و فرۆشتن ئەنجام بدەن، ئەوە گوناهتان ناگات کە ناینووسن، (چونکە ئاسان نیەو مامەڵە دواداخات، هەتا بۆتان دەکرێت) شایەت بگرن کاتێك کرین و فرۆشتنتان ئەنجامدا، نابێت نووسەرو شـایەت ئازار بدرێن و بێزار بکرێن، خۆ ئەگەر شتی وابکەن ئەوە بـەڕاسـتی مـانای وایـە ئـێوە لە چەندەها فەرمانبەرداری دەرچوون، جا لە خوا بترسن و خۆ پارێزبن و خوا فێری ئەو شتانەتان دەکات (کە خێری تیایە بۆ دنیاو پاداشتی قیامەتی لەدوایە)، خوایش بە هەموو شتێك زانایە.

۞ وَإِن كُنتُمْ عَلَىٰ سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُوا۟ كَاتِبًا فَرِهَٰنٌ مَّقْبُوضَةٌ ۖ
فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ ٱلَّذِى ٱؤْتُمِنَ أَمَٰنَتَهُۥ وَلْيَتَّقِ
ٱللَّهَ رَبَّهُۥ ۗ وَلَا تَكْتُمُوا۟ ٱلشَّهَٰدَةَ ۚ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُۥٓ
ءَاثِمٌ قَلْبُهُۥ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴿٢٨٣﴾ لِّلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَإِن تُبْدُوا۟ مَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ
يُحَاسِبْكُم بِهِ ٱللَّهُ ۖ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ۗ
وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٨٤﴾ ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ
إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ
وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ وَقَالُوا۟ سَمِعْنَا
وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾ لَا يُكَلِّفُ
ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ ۗ
رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ
عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا
تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ ۖ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآ ۚ
أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٨٦﴾

(٢٨٣) خۆ ئەگەر لە سەفەردا بوون و نووسەرێکتان دەست نەکەوت، ئەوە بارمتە وەردەگیرێت (لەباتی قەباڵە و سەندەکە)، خۆ ئەگەر لە یەکتری دڵنیا بوون با ئەوەی بە ئەمین ودەستپاك دادەنرێت ئەمانەتەکە (قەرزەکە) بداتەوە و با لەخوای پەروەردگاری بترسێت، نەکەن شایەتی بشارنەوە، ئەوەی شایەتی بشارێتەوە ئەوە بەراستی دڵی ژەنگاوی و ناپوخت گوناهبارە، خوایش بە هەموو ئەو کردەوانەی کە دەیکەن زانایە.

(٢٨٤) هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر خوا خاوەنیانە، ئەوەی لە دڵ و دەروونتاندا جێگیر بووە، دەری بخەن، یان بیشارنەوە خوا دەربارەی لێتان دەپرسێتەوە، ئەوسا لە هەر کەس بیەوێت خۆش دەبێت، لەهەرکەسیش‌کە (شایستە بێت) بیەوێت سزای دەدات، خوایش بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵاتی هەیە (ئەوەی چرپەی دەروونیە دێت و دەڕوات و جێگیر نابێت لێپرسینەوەی لەسەر نیە).

(٢٨٥) پێغەمبەرو ئیمانداران باوەڕیان هەیە بەوەی لە لایەن پەروەردگاریانەوە هاتۆتە خوارەوە، هەموویان باوەڕیان هەیە بە خواو فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی (دەڵێن) هیچ جۆرە جیاوازیەك ناکەین لە نێوان هیچ پێغەمبەرێ لە پێغەمبەرەکانی خوادا (لە باوەڕدا)، هەروەها وتیان: گوێرایەڵ و ملکەچین (بۆ بەدیهێنەرمان) پەروەردگارا لێخۆش بوونی تۆمان دەوێت و سەرئەنجام هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوە.

(٢٨٦) خوای گەورە ئەرك ناخاتە سەر هیچ کەسێك مەگەر بە قەدەر توانایی خۆی نەبێت، هەر کارێکی چاك ئەنجام بدات قازانجی تەنها بۆ خۆیەتی و هەر خراپەیەکی کردبێت تەنها یەخەی خۆی دەگرێت و لەسەر خۆیەتی (هەر بۆیە ئیمانداران دەڵێن): پەروەردگارا؛ لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشیمان بەسەردا هات یان گوناهو هەڵەیەکمان لە دەست قەوما، پەروەردگارا؛ ئەرکی سەخت و کاری گران مەدە بەسەرماندا وەکو ئەوەی داوتە بەسەر ئەوانەی پێش ئێمەدا، پەروەردگارا؛ ئەرکێك مەدە بەسەرماندا لە تواناماندا نەبێت، تووشی بەڵاو ناخۆشیەکمان مەکە تواناو هێزو هەناومان لێ ببڕێت گوناهانمان بسڕەوە و چاوپۆشی بکە لە هەڵەو تاوانەکانمان و دای پۆشە، (داواکارین) بەزەییت بێتەوە پیاماندا، ڕەحممان پێ بکە، هەر تۆ پشت و پەناو یاریدەدەری ئێمەیت، جا بۆیە داوا دەکەین سەرمان بخەیت بەسەر قەومی کافرو خوانەناساندا، (ئا بەو شێوەیە پەروەردگاری مەزن فێری نزای ڕێك و پێکمان دەکات، ئومێدە کە لێشمان وەربگرێت...) کاتێك ئایەتی (٢٨٤) دابەزیووە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ سەغڵەت بوون و چوون بۆ خزمەتی... ئەویش فەرموویەتی: بڵێن گوێرایەڵ و ملکەچین... ئینجا خوای گەورە ئایەتی (٢٨٥، ٢٨٦)ی دابەزاند بۆ دڵدانەوەیان).

سُورَةُ آلِ عِمۡرَانَ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓمٓ ﴿١﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ﴿٢﴾ نَزَّلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ
بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَأَنزَلَ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ ﴿٣﴾ مِن
قَبۡلُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ ٱلۡفُرۡقَانَۗ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَهُمۡ
عَذَابٞ شَدِيدٞۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٍ ﴿٤﴾ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخۡفَىٰ عَلَيۡهِ
شَيۡءٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ ﴿٥﴾ هُوَ ٱلَّذِي يُصَوِّرُكُمۡ
فِي ٱلۡأَرۡحَامِ كَيۡفَ يَشَآءُۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٦﴾ هُوَ
ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ
وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ
مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ
وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ
إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٧﴾ رَبَّنَا لَا تُزِغۡ قُلُوبَنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَيۡتَنَا وَهَبۡ
لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةًۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡوَهَّابُ ﴿٨﴾ رَبَّنَآ إِنَّكَ جَامِعُ
ٱلنَّاسِ لِيَوۡمٖ لَّا رَيۡبَ فِيهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ ﴿٩﴾

سورتی (آل‌عمران)

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

(١) سەرنجی سەرەتای سورەتی (البقرة) بدە.

(٢) خوا زاتێکە جگە ئەو هیچ خوایەکی تر نی‌یە شایەنی پەرستن بێت، ئەو هەمیشە زیندووە و راگرو سەرپەرشتیاری هەموو دروستکراوەکانیەتی.

(٣) ئەی پێغەمبەر ﷺ خوا قورئانی بۆ تۆ بەڕاست و دروست (بە چەند قۆناغێك) دابەزاندووە، بەراست دانەری سەرجەم کتێبە پێشووەکانی پێش خۆیەتی (پێش دەستکاری کردنیان)، هەروەها تەوراتی بۆ (موسا) و ئینجیلی بۆ (عیسا) رەوانە کردووە لە پێش قورئاندا...

(٤) لەکاتێکدا هیدایەت و رێنموویی بەخشی خەڵکی بوون، هەروەها جیاکەرەوەی حەق و بەتاڵی ناردە خوارەوە (کە قورئانە)، بێگومان ئەوانەی بروایان نەهێنا بە ئایاتەکانی خوا، بۆ ئەوان سزایەکی سەخت (لە دواوڕۆژدا) هەیە، خوای گەورەش باڵادەستەو خاوەنی تۆڵەو سزایە (لە بێ باوەڕان).

(٥) بێگومان هیچ شتێك لە خوای گەورە شاراوەنیە و لێی‌ون نابێت نە لە زەوی و نە لە ئاسماندا.

(٦) ئەو خوایە زاتێکە نەخشەی رووخسارتان لە مندالدانەکاندا دەکێشێت چۆن بیەوێت، هیچ پەرستراوێکی بەراست و بەحەق نی‌یە جگە لەو خوایە، ئەو زاتە باڵادەست و دانا و کاربەجێ‌یە.

(٧) ئەو خوایە زاتێکە کە قورئانی بۆ سەر تۆ (ئەی محمد ﷺ) ناردە خوارەوە، بەشێك لە ئایەتەکانی دامەزراو و پایەدارو روون و ئاشکران، ئەوانە بنچینەو بناغەی قورئانەکەن و هەندێکی تریشی واتای جۆراوجۆر هەڵدەگرن و بە ئاسانی نازانرێن، جا ئەوانەی کە لە دڵیاندا لاری ولادان هەیە، حەز لە حەق و راستی ناکەن، ئەوانە شوێنی ئەو ئایەتانە دەکەون کە مانای جۆراو جۆر و فراوانیان هەیە، بۆ ئەوەی فیتنە و ئاشوب و ناکۆکی و دووبەرەکی دروست بکەن، یان بۆ ئەوەی لێکدانەوەی هەڵەی بۆ هەڵبەستن، لەحاڵێکدا کە لێکدانەوەی ئەو جۆرە ئایەتانە هەر خوا خۆی بە تەواوی دەیزانێت، جا ئەو کەسانەی کەلە زانستدا رۆچوون دەڵێن: ئێمە باوەڕی دامەزراومان بەهەر هەموو (ئەو ئایەتانە) هەیە کە لەلایەن پەروەردگارمانەوەیە و فەرمایشی ئەوە، (لەراستیدا خەڵکی) بێجگە لە خاوەن بیر و ژیرەکان یاداوەری وەرناگرن و بیرناکەنەوە (لەم قورئانە).

(٨) (ئەوانە دەڵێن پەروەردگارا... دوای ئەوەی کە هیدایەت و رێنمووییت کردین، دڵەکانمان لامەدە لە رێگەی راست و لە رەحمەت و بەخششی تایبەتی خۆت بەهرەوەرمان بکە، چونکە بەراستی تۆ بەخشندە و بەخشێنەری.

(٩) پەروەردگارا بەڕاستی تۆ کۆکەرەوەی هەموو خەڵکیت لە رۆژێکدا کە هیچ گومانی تێدانیە، بێگومان خوا (زاتێك نیە) کە بەڵێنی خۆی نەباتە سەر...

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغۡنِيَ عَنۡهُمۡ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُم
مِّنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔاۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ وَقُودُ ٱلنَّارِ ﴿١٠﴾ كَدَأۡبِ ءَالِ
فِرۡعَوۡنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمۡۗ
وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿١١﴾ قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ سَتُغۡلَبُونَ
وَتُحۡشَرُونَ إِلَىٰ جَهَنَّمَۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ﴿١٢﴾ قَدۡ كَانَ
لَكُمۡ ءَايَةٞ فِي فِئَتَيۡنِ ٱلۡتَقَتَاۖ فِئَةٞ تُقَٰتِلُ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ
وَأُخۡرَىٰ كَافِرَةٞ يَرَوۡنَهُم مِّثۡلَيۡهِمۡ رَأۡيَ ٱلۡعَيۡنِۚ وَٱللَّهُ
يُؤَيِّدُ بِنَصۡرِهِۦ مَن يَشَآءُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبۡرَةٗ لِّأُوْلِي
ٱلۡأَبۡصَٰرِ ﴿١٣﴾ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ
وَٱلۡبَنِينَ وَٱلۡقَنَٰطِيرِ ٱلۡمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلۡفِضَّةِ
وَٱلۡخَيۡلِ ٱلۡمُسَوَّمَةِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ وَٱلۡحَرۡثِۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ
ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلۡمَـَٔابِ ﴿١٤﴾ ۞ قُلۡ
أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيۡرٖ مِّن ذَٰلِكُمۡۖ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ عِندَ رَبِّهِمۡ جَنَّٰتٞ
تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَأَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞ
وَرِضۡوَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ ﴿١٥﴾

(١٠) (لەو رۆژەدا) بەڕاستی ئەوانەی کە بێ باوەڕن هەرگیز ماڵ و منداڵیان هیچ جۆرە بەرگریەکیان لێ ناکەن لە سزای خوا، ئا ئەوانە سووتەمەنی ئاگری دۆزەخن.

(١١) ئەوانە داب و نەریتیان وەکو داب و نەریتی داروودەستەی فیرعەون و ئەوانەی کە پێشیان هاتوون وایە، ئایەت و موعجیزەکانی ئێمەیان بەدرۆ دانا، خوایش ئەوانی بەهۆی گوناهو تاوانیانەوە بە توندی سزادا و گرفتاری کردن، خوا تۆڵەسێنەرێکی بەهێز و بەزەبرە.

(١٢) (ئەی محمد ﷺ) بڵێ بەوانەی کە بڕوایان نەهێناوە: سەرئەنجام تێکدەشکێن و ژێردەست دەخرێن (لە دنیادا، لە رۆژی دوایشدا) کۆ دەکرێنەوە و راپێچ دەکرێن بۆ ناو دۆزەخ کە ناخۆشترین جێگەیە.

(١٣) (ئەی محمد ﷺ بەو خەڵکە بڵێ) بێگومان لەو دوو دەستەیەی کە لە (جەنگی بەدردا) روو بە ڕووی یەکتر وەستان نیشانەو پەندێکی گەورە بوو بۆتان، دەستەیەکیان لە پێناوی خوادا دەجەنگان، دەستەکەی تریان بێباوەڕ بوون، ئیمانداران لەبەر چاوی ئەواندا دوو ئەوەندەیان دەنواند (لە مەیدانی جەنگدا بەچاوی بینایی و بینین)، (خوا فریشتەیشی دابەزاند بۆ یارمەتی ئیمانداران)، خوا پشتگیری (هەر دەستەیەك)و هەرکەسێك بیەوێت دەیکات، بەڕاستی ئا لەو یارمەتیەدا پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆ ئەوانەی کە بینایی خۆیان بەکاردەهێنن و بەوردیی بیردەکەنەوە (کە چۆن کۆمەڵێکی کەم زاڵ بوون بەسەر کۆمەڵێکی زۆردا).

(١٤) ئارەزووی ئافرەت و بوونی نەوەی نێرینە و خاوەنێتی ئاڵتون و زێرو زیووی زۆرو زەبەندە و ئەسپی چاك و رەسەن و (هۆکانی هاتووچۆ) هەروەها ماڵات و زەوی و زاری کشتوکاڵ بۆ خەڵکی رازێنراوەتەوە، ئەوانە هەمووی نازو نیعمەتی ژیانی دنیان، خوایش (بۆ چاکان) شوێنی گەڕانەوەی ڕازاوەو خۆشی لای خۆی ئامادە کردووە (کە بەهەشتە).

(١٥) (ئەی محمد ﷺ بەو خەڵکە) بڵێ: ئایا هەواڵی چاکتر لەو نازو نیعمەتانەتان پێ رابگەیەنم؟!
(ئەویش ئەمەیە کە): بۆ ئەوانەی پارێزکارو خواناسن، لای پەروەردگاریان باخەکانی بەهەشت ئامادەیە بۆیان کە: چەندەها رووبار بەژێر درەختەکانیداو بەبەردەم کۆشکەکانیدا دەڕوات، هاورێ لەگەڵ ژیانی نەبڕاوە لەگەڵ هاوسەرانی پاکیزەدا و بەدەم هەست کرنی بەردەوام بەڕەزامەندیی پەروەردگاری ئازیز، ئەو خوا میهرەبانەش تەواو بینایە بەبەندەکانی.

ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ إِنَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا
عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٦﴾ ٱلصَّـٰبِرِينَ وَٱلصَّـٰدِقِينَ وَٱلۡقَـٰنِتِينَ
وَٱلۡمُنفِقِينَ وَٱلۡمُسۡتَغۡفِرِينَ بِٱلۡأَسۡحَارِ ﴿١٧﴾ شَهِدَ
ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَـٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ
لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿١٨﴾ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ
ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَـٰمُۗ وَمَا ٱخۡتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَـٰبَ إِلَّا مِنۢ
بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِـَٔايَـٰتِ
ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ﴿١٩﴾ فَإِنۡ حَآجُّوكَ فَقُلۡ أَسۡلَمۡتُ
وَجۡهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِۗ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَـٰبَ وَٱلۡأُمِّيِّـۧنَ
ءَأَسۡلَمۡتُمۡۚ فَإِنۡ أَسۡلَمُواْ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْۖ وَّإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا
عَلَيۡكَ ٱلۡبَلَـٰغُۗ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ ﴿٢٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ
بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ وَيَقۡتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيۡرِ حَقّٖ وَيَقۡتُلُونَ
ٱلَّذِينَ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡقِسۡطِ مِنَ ٱلنَّاسِ فَبَشِّرۡهُم
بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢١﴾ أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَبِطَتۡ أَعۡمَـٰلُهُمۡ
فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّـٰصِرِينَ ﴿٢٢﴾

(١٦) ئەوانەی کە دەڵێن: پەروەردگارا، بەڕاستی ئێمە ئیمان و باوەڕمان هێناوە، دە لە گوناهەکانمان خۆش ببە و لە ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە.

(١٧) (جا ئەو ئیماندارانە، ئەمە سیفەتیانە) خۆگرو ئارامگرن (لە بەرامبەر ناسۆر و ناخۆشیەکانی ژیانەوە)، راستگۆو خواپەرستن، ماڵ و سامان دەبەخشن و، لە بەرەبەیانەکاندا داوای لێخۆشبوون (لە پەروەردگاریان دەکەن چونکە واهەست دەکەن کە وەك پێویست خواپەرستیان نەکردووە).

(١٨) خوای گەورە (لە رێگەی دورست کراوانیەوە، کە هەمووی نیشانەی دەسەڵاتی دەنوێنێت) خۆی شایەتی داوە و دەریخستووە و سەلماندویەتی کە بەراستی جگە لەو هیچ خوایەکی تر نی یە کە شایانی پەرستن بێت، هەروەها فریشتەکان و خاوەن زانستەکانیش (لە پێغەمبەران و زانایان) کە بەڕێگەیەکی راست و دروست دەیسەلمێنن خوا هەمیشە داد پەروەری رەهایە و جگە لەوزاتە خوایەکی تر نیە، ئەو زاتەش خوایەکی باڵادەست و دانایە.

(١٩) بەڕاستی دین و ئاینی پەسەند لای خوا تەنها ئاینی ئیسلامە، ئەوانەش کە کتێبە (ئاسمانیەکانیان) دراوەتێ، جیاوازیان لە نێواندا پەیدا نەبووە مەگەر لە دوای ئەوەی زانستی و زانیاری تەواویان بۆ هاتووە (دەربارەی راستی محمد و ئیسلام)، ئەمەش بەهۆی دنیاپەرستی و حەسوودیی و ستەمکردنیان لە نێو خۆیان (چونکە رازی نەبوون بە پێغەمبەرێك لە غەیری خۆیان)، جا ئەوەی باوەڕی بە فەرمان و ئایەتەکانی خوا نەبێت، ئەوە بێگومان خوا بەخێرایی حسابی خۆی دەکات لەگەڵیاندا (هەر زوو بەدۆزەخیان دەگەیەنێت).

(٢٠) خۆ ئەگەر موجادەلە و گفتوگۆی سەختیان لەگەڵداکردیت، ئەی محمد ﷺ تۆش بڵێ: من و ئەوانەش کە شوێنم کەوتوون روومان کردۆتە خواو تەنها ملکەچی ئەوین، بەوانەی کە کتێبیان پێدراوە و ئەوانەش نەخوێندەوارن لە (موشریکانی عەرەب) بڵێ: ئایا ئێوە تەسلیم بوون بەخواو و موسوڵمان بوون؟ خۆ ئەگەر تەسلیم بوون، ئەوە مانای وایە بەراستی ئەوە هیدایەتیان وەرگرتووە، خۆ ئەگەر پشت هەڵکەن و باوەڕنەهێنن، ئەوە تەنها گەیاندنی پەیامەکە لەسەر تۆیە، خوای گەورەش بینایە بەبەندەکانی.

(٢١) بەراستی ئەوانەی باوەڕ ناهێنن بەئایەت و فەرمانەکانی خوا، پێغەمبەرانیش بەبێ هیچ حەقێك دەکوژن و ئەو خەڵکانەش دەکوژن کە فەرمان بە دادپەروەری دەدەن، کەواتە مژدەی سزایەکی پڕ ئێشیان پێ بدە!!

(٢٢) ئا ئەوانە کەسانێکن کردەوەکانیان پووچ بۆتەوە لە دنیاو قیامەتدا، کەسیش نیە پشتیوانی لەوان بکات.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِنَ الْكِتَابِ يُدْعَوْنَ إِلَى كِتَابِ
اللَّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِنْهُمْ وَهُمْ مُعْرِضُونَ ﴿٢٣﴾
ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا لَنْ تَمَسَّنَا النَّارُ إِلَّا أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ ۖ وَغَرَّهُمْ
فِي دِينِهِمْ مَا كَانُوا يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾ فَكَيْفَ إِذَا جَمَعْنَاهُمْ
لِيَوْمٍ لَا رَيْبَ فِيهِ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ
لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٥﴾ قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ
مَنْ تَشَاءُ وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَنْ تَشَاءُ وَتُذِلُّ
مَنْ تَشَاءُ ۖ بِيَدِكَ الْخَيْرُ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٦﴾ تُولِجُ اللَّيْلَ
فِي النَّهَارِ وَتُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ ۖ وَتُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ
وَتُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ ۖ وَتَرْزُقُ مَنْ تَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٢٧﴾
لَا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ ۖ وَمَنْ
يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ
تُقَاةً ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ ۗ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ ﴿٢٨﴾ قُلْ
إِنْ تُخْفُوا مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ اللَّهُ ۗ وَيَعْلَمُ مَا فِي
السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ۗ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٩﴾

(٢٣) ئایا نابینی ئەو کەسانەی بەشێك لە کتێبی ئاسمانیان پێدراوە کاتێك بانگ دەکرێن بۆ لای کتێبی خوا (تەورات) تا فەرمانرەوایی بکات لە نێوانیاندا، پاشان دەستەیەکیان پشت هەڵدەکەن، لە کاتێکدا ئەوان سەرپێچیکەرن.

(٢٤) بۆیەش (وادەکەن) چونکە بەراستی ئەوان دەیانوت: هەرگیز ئاگری دۆزەخ چەند رۆژێکی کەم نەبێت بەر لەشمان ناکەویت، ئەوەی لە ئاینەکەیاندا بۆ خۆیان هەڵبەستبوو، سەری لێ شێواندن و تەفرەی دان.

(٢٥) ئاخۆ حاڵیان چۆن بێت کاتێ لەو رۆژەدا کۆیان دەکەینەوە کە هیچ گومانێك لە هاتنیدا نیە و هەموو کەس پاداشتی کارو کردەوەی خۆی پێدەدرێت و ئەوان ستەمیان لێناکرێت.

(٢٦) (ئەی پێغەمبەر ﷺ، ئەی ئیماندار) بڵێ: خوایە تۆ خاوەنی هەموو شتێکیت، دەسەڵات دەبەخشیت بەهەرکەسێك بتەوێت و دەسەڵات وەردەگریتەوە لە هەرکەسێك بتەوێت، هەرکەس بتەوێت زەلیل و بێ دەسەڵات و ژێردەستی دەکەیت، هەرچی خێر هەیە بە دەست تۆیە، بێگومان تۆ دەسەڵاتداری بەسەر هەموو شتێکدا.

(٢٧) شەو تێهەڵکێشی رۆژ دەکەیت، رۆژ تێهەڵکێشی شەو دەکەیت، زیندوو لە مردوو دەردێنیت، مردوو لە زیندوو دەردێنیت، رزق و رۆزیی بێ حساب و بێ شومار دەبەخشیت بە هەر کەس بتەوێت (کارەکانت هەر هەمووی پڕە لە حیکمەت و دانایی، بەندەکانت سەرسام و سەر سوورماوون لە کەماڵی تۆ).

(٢٨) نابێت ئیمانداران، کافران بکەنە پشت و پەناو یارو یاوەری خۆیان لەجیاتی ئیمانداران، ئەوەی کاری وا بکات، ئەوکارەی دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی ئیمانیی بەخواوە نەمێنێت، مەگەر لەبەر ئەوەی خۆتان لە شەڕیان بپارێزن و قوتاربن (ئەویش بەوەی بەدەم رازییان بکەن، نەك بەدڵ وکردەوە)، خوای گەورەش بێدارتان دەکاتەوە بەسیفەتی تۆڵەسەندنەوەی خۆی دەتانترسێنێت (تا کاری ناڕەوای وانەکەن)، سەرەنجام وگەڕانەوەتان هەر بۆلای خوایە.

(٢٩) پێیان بڵێ: ئەگەر ئەوەی لە سینەتاندا جێگیرە بیشارنەوە یاخود ئاشکرای بکەن، ئەوە خوا پێی دەزانێت، هەرچیش لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر پێی دەزانێت و خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ
مِن سُوٓءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُۥٓ أَمَدًۢا بَعِيدًا ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ
ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٣٠﴾ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ
فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ
﴿٣١﴾ قُلْ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ
ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٢﴾ ۞ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحًا وَءَالَ إِبْرَٰهِيمَ
وَءَالَ عِمْرَٰنَ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٣﴾ ذُرِّيَّةًۢ بَعْضُهَا مِنۢ بَعْضٍ ۗ وَٱللَّهُ
سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٣٤﴾ إِذْ قَالَتِ ٱمْرَأَتُ عِمْرَٰنَ رَبِّ إِنِّى نَذَرْتُ لَكَ
مَا فِى بَطْنِى مُحَرَّرًا فَتَقَبَّلْ مِنِّىٓ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٥﴾ فَلَمَّا
وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّى وَضَعْتُهَآ أُنثَىٰ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ
وَلَيْسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلْأُنثَىٰ ۖ وَإِنِّى سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وَإِنِّىٓ أُعِيذُهَا بِكَ
وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿٣٦﴾ فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ
حَسَنٍ وَأَنۢبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا ۖ كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا
زَكَرِيَّا ٱلْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقًا ۖ قَالَ يَٰمَرْيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَا ۖ
قَالَتْ هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ يَرْزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٧﴾

(٣٠) ڕۆژێك دێت هەمووکەس، کاروکردەوەکانی خۆی دەبینێت ئامادە کراون بەخێر و شەڕیەوە، تاوانبار ئاوات دەخوازێت کە لە نێوان خۆی و کردەوە خراپەکانیدا مەودایەکی دوورو درێژ هەبوایە، خوای گەورەش بێدارتان دەکاتەوە بە سیفەتی تۆڵەسەندنەوەی خۆی دەتانترسێنێت (لەوەی کە کاری نارەوا بکەن)، خوا بەسۆز و بە بەزەییە بۆ ئەو بەندانەی (کە بەم ئاگاداریانە دڵیان رادەچلەکێت پێش هاتنی ئەو ڕۆژە)

(٣١) (ئەی پێغەمبەر ﷺ بە ئیمانداران) بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دە شوێنی من بکەون و لە فەرمانی من دەرمەچن، ئەوکاتە خوایش ئێوەی خۆش دەوێت، لە گوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت، ئەو خوایەش تەواو لێخۆشبوو و میهرەبانە.

(٣٢) (دووبارە) پێیان بڵێ: فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەر بن، خۆ ئەگەر سەرپێچی بکەن و پشتی تێبکەن ئەوە دڵنیابن خوا بێ باوەڕانی خۆش ناوێت.

(٣٣) بەڕاستی خوا ئادەم و نوح و نەوەکانی ئیبراهیم و نەوەکانی عیمرانی هەڵبژاردووەو و ڕێزی داون بەسەر خەڵکی هەموو جیهاندا.

(٣٤) ئەوانە نەوەیەکن یەك ڕەچەڵەکن، هەندێکیان لە هەندێکی تریان بوون، خوا خۆی بیسەرو زانایە (چاك دەیزانی کە شایستەن بۆ ئەو کارە پیرۆزە).

(٣٥) (بەیاد بێنە) کاتێك هاوسەری عیمران وتی: پەروەردگارا؛ بەڕاستی من بڕیاریم داوەو نەزرم کردووە ئەو منداڵەی لە سکمدایە ئازاد کراوبێت لە هەموو ئەرك و ئیش و کارێك (تا هەر لە خزمەتی بیت‌المقدس دا بێت) دە تۆش لێم وەربگرە، چونکە بەڕاستی تۆ خوایەکی بیسەوور زانایت.

(٣٦) بەڵام کاتێك منداڵەکەی بوو (بە دڵشکاویەوە) وتی: پەروەردگارا خۆ من کچم بوو، بێگومان خوا خۆی چاك دەزانێت کە چی بووە، (خۆ ئاشکرایە) کوریش وەکو کچ نی‌یە (لەگەڵێ ڕووەوە و هەریەکە ئەرك و فەرمانی خۆی هەیە، ئەوەی بە ئافرەت دەکرێت بەپیاو ناکرێت، بەپێچەوانەشەوە، ژن و پیاو تەواوکاری یەکترن و هیچیان لای خوا کەم ڕێزنین ئەرکی خزمەتکاری بیت المقدسیش بەو ناکرێت)، منیش بەڕاستی ناوم نا مەریەم و من دەیپارێزم بەتۆ خۆیو وەچەکەی لە شەیتانی ڕەجم کراو.

(٣٧) ئینجا پەروەردگاری بەشێوەیەکی جوان و پەسەند مەریەمی وەرگرت، زۆر بەجوانی پێی گەیاند، زەکەریای کردە مامۆستاو سەرپەرشتی (کە هەم خزم و هەم پێغەمبەر بوو، تا بەچاکی دینداریی فێر بکات، پاشان کە مەریەم گەورە بوو) هەرکاتێك زەکەریا دەچوو بۆ سەردانی لە شوێنی خواپەرستیەکەیدا دەیبینی رزق و ڕۆزیی و نازو نیعمەتی جۆراوجۆری لایە، زەکەریا وتی: ئەی مەریەم ئەم هەموو رزق و ڕۆزییەت لەکوێ بوو؟!!، مەریەم لە وەڵامیدا وتی: ئەوە لە لایەن خواوەیە، ئەو بۆم دەنێرێت، بەڕاستی خوا بە هەرکەس بیەوێت رزق و ڕۆزی بێ سنوورو بێ هۆکار دەبەخشێت.

هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُۥ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً
طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴿٣٨﴾ فَنَادَتْهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَهُوَ قَآئِمٌ
يُصَلِّي فِي ٱلْمِحْرَابِ أَنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَىٰ مُصَدِّقًۢا بِكَلِمَةٍ مِّنَ
ٱللَّهِ وَسَيِّدًا وَحَصُورًا وَنَبِيًّا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٣٩﴾ قَالَ رَبِّ
أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ ٱلْكِبَرُ وَٱمْرَأَتِي عَاقِرٌ قَالَ
كَذَٰلِكَ ٱللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ ﴿٤٠﴾ قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّيٓ ءَايَةً
قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا وَٱذْكُر
رَّبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِبْكَٰرِ ﴿٤١﴾ وَإِذْ قَالَتِ
ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرْيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰكِ وَطَهَّرَكِ وَٱصْطَفَىٰكِ
عَلَىٰ نِسَآءِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٢﴾ يَٰمَرْيَمُ ٱقْنُتِي لِرَبِّكِ وَٱسْجُدِي
وَٱرْكَعِي مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾ ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهِ
إِلَيْكَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَٰمَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ
مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٤٤﴾ إِذْ قَالَتِ
ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرْيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ ٱسْمُهُ ٱلْمَسِيحُ
عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْأٓخِرَةِ وَمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٥﴾

(٣٨) ئا لەو كات و شوێنەدا، زەكەریا هانا و نـزای بـۆ پەروەردگاری لێ بەرز بۆوە و وتی: پەروەدگارا نەوەی چاك و پاكم پێ ببەخشە، بەراستی تۆ بیسەری دوعا و نزایت.

(٣٩) جا یەكسەر فریشتە جبرئیل بانگی كرد لەكاتێكدا زەكەریا لە محرابەكەدا وەستا بوو، نوێژی دەكرد، (وتی) بەراستی خوای گەورە مـژدەت دەداتـێ بـە بـەخشینی كوڕێك ناوی یەحیایە، بەراستدانەری فەرمانی تایبەتی خوایە و گەورە و رێـزدارە و خـۆپارێزە لە گـوناهان و پێغەمبەرێكە لە چاكان.

(٤٠) زەكەریا وتی: پەروەردگارا؛ ئاخۆ چۆن مندالْم پێ دەبەخشیت خـۆ مـن پـیری تـەنگی پـێ هـەڵچنیووم، هاوسەرەكەشم سك ناكات، خوای گەورەش فەرمووی: كاری خوا هەر ئاوایە و هەر چیەكی بوێت، دەیكات.

(٤١) ئینجا زەكەریا وتی: پەروەردگارا نیشانەیەكم بۆ دیاری بكە تا دڵنیابم كە خێزانم سكی بـووە، خوای گەورە فەرمووی: نیشانەكەت ئەوەیە كە توانای قسە كردنت تا سێ رۆژ لەگەڵ خەڵكیدا نابێت (زمانت دەبەسرێت) مەگەر بە ئیشارەت و ئاماژە نەبێت، تۆش زۆر یادی پەرەوردگارت و تەسبیحات و ستایشی بكە بەتایبەتی لە دەمەو ئێوارە و بەرەبەیاندا.

(٤٢) (هەروەها یادیان بهێنە كاتێك) جبرئیلی فـریشتە وتـی: ئـەی مـەریەم بـەراسـتی خـوا تـۆی هەڵبژاردوە و خاوێن و پاكیزەی كردویت، هەڵی بژاردویت و رێزی داویت بەسەر هەموو ئافرەتانی جیهاندا.

(٤٣) ئەی مەریەم ملكەچ و فەرمانبەرداری پەروەردگارت بە، سوژدە و كڕنووشی بۆ بـبە لەگـەڵ كرنووشبەراندا.

(٤٤) ئەوشتانەی باسكران چەند هەواڵێك بوون لە غەیبەوە، ئێمە لەڕێگەی (وەحـی) و سـروشەوە بەتۆی دەگەیەنین، خۆ تۆ (ئەی محمد ﷺ) لەوێ نەبوویت كاتێك پێنوسەكانیان هەڵئەدایە (ئـاوەوە، پێنوسی كێ سەركەوت و ئاو نەیبرد) ئەوەیان مەریەم پەروەردە بكات، تۆ لەوێش نەبوویت كاتێك كێشەیان هەبوو (لەسەر ئەوەی كێ بەخێوی بكات).

(٤٥) (هەروەها یادیان بهێنە) كاتێك فریشتەكە بە مەریەمی وت: ئەی مەریەم بەراستی خوا مژدەت دەداتێ: بە وشەیەكی خۆی (كە فرمانی ـ كن فیكون ـ ە، رۆڵەیەكت پـێ بـبەخشێت) كـە نـاوی (المسیح)ە، عیسای كوڕی مەریەمە، كە پیاو مـاقووڵ و پـایە بـەرزە لەم دنـیادا، لە قـیامەتیشدا لە دەستەی نزیكانە (لە ئێمەوە).

وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٤٦﴾
قَالَتْ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ قَالَ كَذَٰلِكِ
ٱللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٧﴾
وَيُعَلِّمُهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ ﴿٤٨﴾
وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ
أَنِّيٓ أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ
فَيَكُونُ طَيْرًۢا بِإِذْنِ ٱللَّهِ وَأُبْرِئُ ٱلْأَكْمَهَ وَٱلْأَبْرَصَ
وَأُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِ ٱللَّهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ
فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٤٩﴾
وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم
بَعْضَ ٱلَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ وَجِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ
فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿٥٠﴾ إِنَّ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ
هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٥١﴾ ۞ فَلَمَّآ أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنْهُمُ
ٱلْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ
أَنصَارُ ٱللَّهِ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَٱشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٥٢﴾

(٤٦) جا عیسا لە بێشکەداو بەگەورەییش قسە دەکات بۆ خەڵکی، لە پیاو چاکانیشە.

(٤٧) ئەوسا مەریەم وتی: پەروەردگارا، جا چۆن من منداڵم دەبێت: خۆ کەس تـوخنم نـەکـەوتووە، (جـوبرەئیل فـەرمووی): ویست و فـەرمانی خـوا هەروایە و چی بویێت، دروستی دەکات، هەر کاتێك شتێکی بوێت تەنها پێی بڵێ ببە، دەستبەجێ دەبێت.

(٤٨) هەروەها خوای گەورە فێری کتێب و نووسین و دانایی و تەورات و ئینجیلی دەکات...

(٤٩) (لە ئـایندەدا رایـدەگـەیەنێت) بـەنەوەی ئـیسرائـیل کـە مـن پـێغەمبەرێکم، بـۆ لای ئـێوە رەوانەکراوم، بەڵگە و نیشانەیەکیشم پێ‌یە لە لایەن پەروەردگارتانەوە، (ئەویش ئەمەیە کە): من لە قوڕ شێوەی باڵندەتان بۆ دروست دەکەم، ئینجا فووی پێدا دەکەم، بەفرمانی خوا یەکسەر، دەبێتە باڵندەیەکی زیندوو، کوێری زکماك و نەخۆشی بەڵەکیی چاك دەکـەمەوە بـەویستی خـوا، مردووانیش زیندوو دەکەمەوە بەفرمانی خوا، هەواڵی ئەو شتانەش کە دەیخۆن و هەڵی دەگرن لە ماڵەکانتاندا پێتان رادەگەینم، بەراستی لەو شتانەدا بەڵگەو نیشانە هـەیە بـۆتان ئـەگـەر ئیمانداران...

(٥٠) هەروەها بەراستدانەری ئەو تەوراتەم کە لەبەر دەستمدایە، هاتووم بۆ ئەوەی هەندێك لەو شتانەی لەسەرتان حەرامکراوە (بەفەرمانی خوا) حەڵاڵی بکەم و بەڵگەشم بـۆ هـێناون لەلایەن پەروەردگارتانەوە (لەسـەر راستـی پـێغەمبەرایـەتیم) کـەواتـە لە خـوا بـترسن و فەرمانبەرداری من بن و بە قسەم بکەن.

(٥١) بەراستی هەر خوا پەروەدگاری منیش و ئێوەشە، کەواتە تەنها ئەو بپەرستن و ملکەچی ئەو بن، ئەمەیە رێبازی راست و دروست.

(٥٢) جا کاتێك عیسا هەستی بە کوفرو بێدینی ئەوانە کرد وتی: کێ پشتیوانمە بۆ لای خوا، (کێ دێت تا پێکەوە بەرنامەی خوا بگەیەنین)، حەوارییەکان وتیان: ئێمەین پشتیوانانی دین و ئاینی خوا، باوەڕی تەواومان بەو خوایە هێناوە، تۆش شایەتی بدە کە بەراستی ئێمە موسڵمان و ملکەچ و فەرمانبەردارین.

رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلۡتَ وَٱتَّبَعۡنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكۡتُبۡنَا مَعَ
ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٥٣﴾ وَمَكَرُواْ وَمَكَرَ ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ
ٱلۡمَٰكِرِينَ ﴿٥٤﴾ إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ
إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ
فَوۡقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۖ ثُمَّ إِلَيَّ مَرۡجِعُكُمۡ
فَأَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ﴿٥٥﴾ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ فَأُعَذِّبُهُمۡ عَذَابٗا شَدِيدٗا فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَمَا
لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٥٦﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَيُوَفِّيهِمۡ أُجُورَهُمۡۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٧﴾
ذَٰلِكَ نَتۡلُوهُ عَلَيۡكَ مِنَ ٱلۡأٓيَٰتِ وَٱلذِّكۡرِ ٱلۡحَكِيمِ ﴿٥٨﴾ إِنَّ
مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَۖ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٖ ثُمَّ قَالَ
لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٥٩﴾ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡمُمۡتَرِينَ ﴿٦٠﴾
فَمَنۡ حَآجَّكَ فِيهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ فَقُلۡ تَعَالَوۡاْ نَدۡعُ
أَبۡنَآءَنَا وَأَبۡنَآءَكُمۡ وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمۡ وَأَنفُسَنَا وَأَنفُسَكُمۡ
ثُمَّ نَبۡتَهِلۡ فَنَجۡعَل لَّعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٦١﴾

(٥٣) (ئەوسا وتیان): پـەروەردگارا ئـێمە بـاوەڕمان هـێناوە بەوەی داتبەزانـدووە و رەوانـەت کـردووە، شـوێنکەوتەی پێغەمبەرەکەشتین، دە تۆیش لە ڕیزی شایەتەکانی (گەیاندنی بەرنامەکەتدا) تۆمارمان بکە.

(٥٤) (بەلاَم دوژمنانی خوا) پیلانیان گێرا، خوایش پیلانەکانی پووچ کـردنەوە، چـونکە خـوا چـاکـترین و بـەدەسەلاَترین زاتێکەلە هەلوەشاندنی نەخشە و پیلانی دوژمنانیدا.

(٥٥) (بەیادیان بهێنە) کاتێك خوا فەرمووی: ئەی عیسا من (بەشێوەیەکی ئاسایی) تۆ دەمرێنم پاشان تۆ پایەدارو بەرزو بلند دەکەمەوە لای خۆم، لە دەستی ناپاکی ئەوانەی کـەبێ باوەڕن رزگارت دەکەم و پاك راتدەگرم و بەرزیی و بلندیی دەبەخشم بەوانەی کە شوێنکەوتەی تۆن بـەسەر کـافرانـدا هەتا رۆژی قیامەت، لەوەودواش گەڕانەوەتان هەر بـۆلای منە، ئەوسا دادوەریی و فەرمانڕەوایی دادپەروەرانە دەکەم لە نێوانتاندا لەو شتانەدا کە کێشەتان لەسەری هەبووە و راتان دەربارەی جیاواز بووە.

(٥٦) جا ئەوانەی بێ باوەڕ بوون سزای توند و تـیژیان دەدەم لە دنـیادا (بـە شکسـتی و سـەرشۆڕیان)، لە قیامەتیشدا (بە ژیانی سەختی ناو دۆزەخ)، جا لەوێ کەسیان دەست ناکەوێت کە یاریدەدەرو پشتیوانیان بێت (لە سزای من بیانپارێزێت).

(٥٧) ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە (بە ئاینی ئیسلام) و کارو کردەوە چاکەکـانیان ئـەنجام داوە، ئـەوە خـوا بەتەواوی پاداشتیان دەداتەوە، بەراستی خوا ستەمکارانی خۆشناوێت.

(٥٨) ئەو هەواڵ و بەسەرهاتانەی کە بەسەرتدا دەیخوێنینەوە (ئەی محمد ﷺ) لە ئایەتەکانی خوایە و لە یادو باسە پڕداناییەکانە.

(٥٩) بەڕاستی نموونەی دروست بوونی عیسا لەلایەن خواوە؛ وەك نموونەی ئادەم وایە کە لە خاك دروستی کرد، لەوەودوا فەرمانیداو پێی وت: ببە (بە ئینسان) ئەویش بوو، (عیسا دایکی هەبوو، ئادەم دایك و باوکیشی نەبوو).

(٦٠) حەقیقەت و راستی هەر ئەوەیە لەلایەن پەروەردگارتەوەیە، کەواتە نەکەیت بچیتە ریزی ئەوانەی کـە گومان کارکردی هەیە لەسەریان.

(٦١) (دوای ئەوەی کە ئەو هەموو راستیانەت پـێگەیشت دەربـارەی عـیسا)، جـا ئـەگـەر کـەسانێك هـەر موجادەلەیان کردو لەسەری رۆیشتن و شتی ناڕەوایان دەربارەی عیسا وت، تۆیش پێیان بڵێ: وەرن با کوڕانی ئێمە و کوڕانی ئێوە، ئافرەتانی ئێمە و ئافرەتانی ئێوە، خۆمان و خۆشتان بانگ بکەین و ئامادەبین (لە شوێنێکی تایبەتدا)، پاشان با بپاڕێینەوە داوا بکەین‌و نەفرین و لەعنەتی خوا داببارێتە سەر درۆزنەکان.

إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْقَصَصُ ٱلْحَقُّ ۚ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ
ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٦٢﴾ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٦٣﴾
قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ
أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا
بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا
مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِىٓ
إِبْرَٰهِيمَ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوْرَىٰةُ وَٱلْإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعْدِهِۦٓ ۚ أَفَلَا
تَعْقِلُونَ ﴿٦٥﴾ هَٰٓأَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ حَٰجَجْتُمْ فِيمَا لَكُم بِهِۦ
عِلْمٌ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ
لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٦﴾ مَا كَانَ إِبْرَٰهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ
حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٦٧﴾ إِنَّ أَوْلَى ٱلنَّاسِ
بِإِبْرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا ٱلنَّبِىُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ وَلِىُّ
ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٨﴾ وَدَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَوْ يُضِلُّونَكُمْ
وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٦٩﴾ يَٰٓأَهْلَ
ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٧٠﴾

(٦٢) بەراستی هەر ئەمەیە بەسەرهاتی راستو دروست (دەربارەی عیسا و دایکی)، هیچ خوایەك نیە جگە لە (الله)، بێگومان ئەو (الله)یە هەر خۆی تەواو باڵادەست و دانایە.

(٦٣) (لەگەڵ ئەم هەموو بەڵگە و راستیانەدا) ئەگەر هەر رووییان وەرگێراو پشتیان تێکرد (ئەوە بزانە ئەوانە راستیخوازنین)، خوایش زاناو ئاگایە بەوانەی کە تۆوی تاوان و خراپە دەچێنن.

(٦٤) (ئەی محمد ﷺ) بڵێ: ئەی ئەوانەی کتێبتان بۆ رەوانەکراوە وەرن بەدەم بانگەواز و بەرنامەیەکەوە کە هاوبەش و هاوسەنگە لە نێوان ئێمەش و ئێوەشدا (ئەویش ئەمەیە): جگە لە (الله) کەسی تر نەپەرستین، هیچ جۆرە هاوەڵێکی بۆ بریار نەدەین، هیچ لایەکمان لاکەی ترمان (بەپیرۆز وفەرمانرەوا دانەنێین) لەجیاتی ئەو زاتە و نەیپەرستین (خۆ ئەگەر لەم بانگەوازەدا) سەرپێچیان کردو گوێیان پێنەدا، ئەوە پێیان بڵێ: کە ئێوە بەشایەت بن کە ئێمە موسڵمان و ملکەچی فەرمانی پەروەردگارین.

(٦٥) ئەی خاوەن کتێبەکان، ئێوە، بۆ لە ئیبراهیم دەدوێن و (هەریەکەتان وادادەنێت کە لەسەر ئاینی ئەوە) خۆ تەورات و ئینجیل دوای ئەو رەوانە کراون، ئەوە بۆ عەقڵ و ژیریتان ناخەنەکارو تاکەی ژیرنابن؟!

(٦٦) ئەوە ئێوەن موجادەلەو باس و خواستان لەسەر ئەو شتانە دەکرد کە زانیاریتان دەربارەی هەبوو...کەوابوو بۆچی دەم لەو شتانەشەوە دەدەن کە هیچ زانیاریتان دەربارەی نی یە؟ دیارە هەر خوا ئەو شتانە دەزانێت، ئێوە نایزانن.

(٦٧) (ئاشکرایە) کە ئیبراهیم نە جوولەکە بووە و نەگاور، بەڵکو ملکەچ و فەرمانبەردارو موسڵمان بووە و لە دەستەی موشریك و هاوەڵگەران نەبووە.

(٦٨) نزیکترین کەس لە ئیبراهیمەوە: ئەو کەسانەن کە لە سەردەمی خۆیدا شوێنی کەوتبوون، هەروەها ئەم پێغەمبەرەش ﷺ و ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە (بە پێغەمبەرایەتی ئیبراهیم و موسا و عیسا و محمد ﷺ و هەموو پێغەمبەران بەگشتی علیهم‌السلام)، بێگومان خوا یارو یاوەرو پشتگیری ئیماندارانە.

(٦٩) دەستەیەك لەخاوەن کتێبەکان ئاواتەخوازن و (لە هەوڵدان) کە گومراتان بکەن، لەکاتێکدا ئەوانە هەر خۆیان گومرا دەکەن و هەستیشی پێناکەن و (خۆیان دەخەڵەتێنن).

(٧٠) ئەی خاوەن کتێبەکان بۆ بڕواتان نی یە بەئایەتەکانی خوا (کە هەمووی بەڵگەن لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی محمد ﷺ) لەکاتێکدا ئێوە بە ئاشکرا (نیشانەی پێغەمبەرایەتی ئەو) دەبینن (لە کتێبەکانتاندا).

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَلْبِسُونَ الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُونَ الْحَقَّ
وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٧١﴾ وَقَالَت طَّائِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمِنُوا
بِالَّذِي أُنزِلَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَجْهَ النَّهَارِ وَاكْفُرُوا آخِرَهُ
لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٧٢﴾ وَلَا تُؤْمِنُوا إِلَّا لِمَن تَبِعَ دِينَكُمْ قُلْ إِنَّ
الْهُدَىٰ هُدَى اللَّهِ أَن يُؤْتَىٰ أَحَدٌ مِّثْلَ مَا أُوتِيتُمْ أَوْ يُحَاجُّوكُمْ
عِندَ رَبِّكُمْ ۗ قُلْ إِنَّ الْفَضْلَ بِيَدِ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ ۗ وَاللَّهُ وَاسِعٌ
عَلِيمٌ ﴿٧٣﴾ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَن يَشَاءُ ۗ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ
الْعَظِيمِ ﴿٧٤﴾ ۞ وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ
يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لَّا يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ إِلَّا
مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَائِمًا ۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الْأُمِّيِّينَ
سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾
بَلَىٰ مَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِ وَاتَّقَىٰ فَإِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ ﴿٧٦﴾ إِنَّ
الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَٰئِكَ لَا
خَلَاقَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ وَلَا يَنظُرُ إِلَيْهِمْ
يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٧﴾

(٧١) ئەی خاوەن کتێبەکان بۆچی بەرگی بەتاڵ و ناحەقی دەکەن بەبەری حەق و راستیداو حەق و راستی دەشارنەوە، لەکاتێکدا خۆتان چاك دەزانن (کەحەق و راستی کامەیە).

(٧٢) دەستەیەك لە خاوەن کتێبەکان (جووەکان) وتیان بەتاقمێکیان: ئێوە لە سەرەتای ڕۆژدا (بەدرۆوە) ئیمان و باوەڕ بهێنن بەو (قورئانەی) بۆ ئیماندااران رەوانە کراوە، بەڵام لەکۆتایی ڕۆژدا دەمەو ئێوارە پەشیمان ببنەوە (تا دوودڵی و گومانیان تێدا دروست ببێت) بۆ ئەوەی پاشگەز ببنەوە.

(٧٣) (هەروەها دەڵێن): بروا مەکەن و متمانە مەکەن بەکەس جگە بەوکەسانەی کە شوێنی ئاینی ئێوە کەوتوون! (ئەی محمد ﷺ پێیان) بڵێ: کە بەراستی هەر هیدایەت و رێنموویی خوایی هیدایەت و رێنمویی‌یە، (کەچی جووەکان بەیەکتر دەڵێن): دان بەوەدا مەنێن کەکەس وەکو ئێوەی پێبەخشراوە، باسی (تەورات و دواهەمین پێغەمبەریش مەکەن)!! تا لای پەروەردگارتان (سبەی لە قیامەتدا) قسەیان زاڵ نەبێت بەسەرتاندا!! (ئەی محمد ﷺ تۆش) بڵێ بەراستی هەرچی ڕێزو بەخشش و فەزڵ هەیە بەدەست خوایەو دەیبەخشێت بەو کەسانەی کە دەیەوێت و (شایستەن)، خوای پەروەردگاریش فراوانگیرو زانایە.

(٧٤) ئەو خوایە رەحمەت و میهرەبانی خۆی تایبەت دەکات بۆ هەر کەسێك بیەوێت و (شایستە بێت) و خوا خاوەنی ڕێزو بەخشش و فەزڵی زۆر گەورە و بێ ئەندازەیە.

(٧٥) لە شوێنکەوتووانی کتێبە ئاسمانیەکان کەسانێك هەن ئەگەر ماڵ و داراییەکی زۆری بەئەمانەت لەلا دابنێیت (هەر کاتێك داوای بکەیت) بۆت دەگێڕێتەوە بەتەواویی، هەشیانە ئەگەر دیناریکی بەئەمانەت لادابنێیت بۆت نایگێڕێتەوە مەگەر بە سەریەوە راوەستابیت و کۆڵی لێنەدەیت، ئەوانە وادەکەن چونکە دەڵێن: لە بەرامبەر دەستەی نەخوێندەوارااندا (مەبەستیان موسڵمانانە) لێپرسراو نابین (ئەگەر فێڵیان لێبکەین و ماڵیان بخۆین)، ئەوانە بەدەم خواوە درۆ هەڵدەبەستن و دەشزانن کە درۆ دەکەن...

(٧٦) نەخێر وانیە؛ هەر کەس ئەو پەیمانەی کە داویەتی بەخوا جێبەجێی کردبێت و خۆی پاراستبێت لە حەرام، ئەوە بەراستی خوا پارێزکاران و دیندارانی خۆشدەوێت.

(٧٧) بەڕاستی ئەوانەی کە پەیمانی خواو سوێندەکانیان بەنرخێکی کەم دەفرۆشن (لە پلەو پایەی دنیایی، پارەوپولو سامان، ئەڵبەتە هەرچەندە بێت هەرکەمە) ئەوانە لە دواڕۆژدا هیچ بەشێکیان نابێت (لە سۆزو میهرەبانی خوا)، هەروەها لە رۆژی قیامەتدا خوا نایاندوێنێت و تەماشایان ناکات (لە چڵك و پیس گوناه) خاوێنیان ناکات و سزای پڕ ئێش و ئازاریش بۆیان ئامادەیە.

وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُۥنَ أَلْسِنَتَهُم بِٱلْكِتَٰبِ لِتَحْسَبُوهُ
مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمَا هُوَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَيَقُولُونَ هُوَ
مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ
وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٨﴾ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَٰبَ
وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا۟ عِبَادًا لِّى مِن
دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن كُونُوا۟ رَبَّٰنِيِّۦنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ
وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ
وَٱلنَّبِيِّۦنَ أَرْبَابًا ۗ أَيَأْمُرُكُم بِٱلْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨٠﴾
وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّۦنَ لَمَآ ءَاتَيْتُكُم مِّن كِتَٰبٍ
وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ
بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥ ۚ قَالَ ءَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِى ۖ
قَالُوٓا۟ أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَٱشْهَدُوا۟ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨١﴾
فَمَن تَوَلَّىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٨٢﴾
أَفَغَيْرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُۥٓ أَسْلَمَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾

(٧٨) بەراستی دەستەیەكیش لەوانەی (كە لە چەند ئایەتی پێشوودا باسكران واتە جووەكان) زمانیان بادەدەن و بەجۆرێك شت دەڵێن، گوایە (تەورات) دەخوێننەوە، بۆ ئەوەی (ئێوە چەواشە بكەن و) وا بنوێنن كە ئەو كتێبە دەور دەكەنەوە، لەحاڵێكدا ئەوەی دەیخوێننەوە لەو كتێبە نیە (زۆر جار) دەڵێن: ئەوەی كە دەیخوێنین هەر ئەوەیە خوا رەوانەی كردووە، لە راستیدا هەرگیز ئەوە لەلایەن خواوە نیە و بەدەم خواوە درۆ هەڵدەبەستن و دەشزانن كە درۆ و بوختان دەكەن.

(٧٩) بۆ هیچ ئادەمیزاد و كەسێك نەگونجاوە كە خوا كتێبی ئاسمانی و فەرمانرەوایی و پێغەمبەرایەتی پێببەخشێت، لەوەودوا بەخەڵكی بڵێت: وەرن ببنە عەبد و بەندەی من لەجیاتی ئەوەی بەندە و عەبدی خوا بن، بەڵكو (بەخەڵكیان وتووە) هەوڵ بدەن بۆ خوا بژین و لێبراو بن، بۆ رەزامەندی پەروەردگار هەوڵ بدەن، بەوەش دەبنە خواناس و ڕەبانی كە بەرنامەی خوا فێری خەڵكی بكەن و خۆشتان بەردەوام هەوڵ بدەن فێری ببن.

(٨٠) (هیچ پێغەمبەرێك) فرمانی ئەوەی نەداوە كە بۆ فریشتەكان و پێغەمبەران حسابی خوا بكەن (هەرگیز كاری لەو جۆرە لەوان ناوەشێتەوە) ئایا راستە فرمانی بێباوەڕیی و كوفرتان پێ بدات دوای ئەوەی كە ئێوە موسڵمانن و ملكەچی پەروەردگارن؟!

(٨١) (یادیان بێنە كاتێك خوا پەیمانی لە یەكە یەكەی پێغەمبەران وەرگرت كاتێك كتێب و دانایی پێبەخشین بەوەی كە ئەگەر: لە ئایندەدا پێغەمبەرێكم بۆ رەوانە كردن و بەراستدانەری ئەوەی ئێوەش بوو، ئەوە دەبێت باوەڕی پێ بهێنن و پشتگیری بكەن، ئینجا خوا فەرمووی: ئایا بریارتانداو پەیمانی منتان بەو جۆرە وەرگرت كە پێم راگەیاندن؟ وتیان: بریارمانداو (هەروا دەكەین) ئەوسا خوا پێی فەرموون: دە بەشایەت بن و منیش لەگەڵتان یەكێكم لە شایەتەكان.

(٨٢) جا ئەوەی روی وەرگێڕاو سەرپێچی كرد دوای ئەو پەیمانە، ئەوە ئیتر هەر ئەوانەن فاسق و گوناهكارو لە سنور دەرچوواَن.

(٨٣) ئایا ئەوانە بێجگە لە ئاینی خوا ئاینێكی تریان دەوێت؟! لەكاتێكدا كە هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدایە بە رەزامەندیی بێت یان بە ناچاریی تەسلیم و ملكەچی پەروەردگارن، هەمووانیش هەر بۆ لای ئەو زاتە دەگەڕ ێنرێنەوە.

قُلْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ
وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَمَآ أُوتِىَ
مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ
مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴿٨٤﴾ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ
دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾
كَيْفَ يَهْدِى ٱللَّهُ قَوْمًا كَفَرُوا۟ بَعْدَ إِيمَٰنِهِمْ وَشَهِدُوٓا۟
أَنَّ ٱلرَّسُولَ حَقٌّ وَجَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٦﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ ٱللَّهِ
وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿٨٧﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ
عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِنۢ
بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٨٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ بَعْدَ إِيمَٰنِهِمْ ثُمَّ ٱزْدَادُوا۟ كُفْرًا لَّن تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ
وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلضَّآلُّونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ
كُفَّارٌ فَلَن يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِم مِّلْءُ ٱلْأَرْضِ ذَهَبًا وَلَوِ
ٱفْتَدَىٰ بِهِۦٓ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٩١﴾

(٨٤) (ئەی محمد ﷺ ئەی ئیماندار) بڵـێ: باوەڕمان هێناوە بەخواو بەوەی بۆمان نێرراوەتە خـوارەوە و بەوەش کە نێرراوەتە خوارەوە بۆ سەر ئـیبراهـیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یـەعقوب و نـەوەکـانی و بەوەش کە دراوە بـە مـوساو عـیساو پـێغەمبەران لەلایەن پەروەردگاریانەوە، ئێمە جیاوازیی ناکەین لەنـــێوان هـــیچ کـامیانداو هـەموومان تـەسلیم و ملکەچی ئەو پەروەردگارەین.
(٨٥) جائەوەی بێجگە لەئـاینی ئـیسلام پـەیرەوی هـــەر ئـــاینێکی تـــر بکـات لێـی وەرنـاگـیرێت، لەقیامەتیشدا لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندانە.
(٨٦) چۆن خوا گەلێك هیدایـەت دەدات کـە دوای ئەوەی باوەڕیان هێنا، هەڵگەڕانەوە و کافر بوون؟ لە حاڵێکدا شایەتییان دابوو کەئەم پێغەمبەرە حـەقەو چەندەها بەڵگەو نیشانەشیان بۆ هاتبوو (لەسەر راستی محمد ﷺ)، خوای گەورەش هیدایەت و رێنمویی ئەو دەستەو تاقمە ستەمکارە نادات.
(٨٧) ئا ئەو ستەمکارانە پاداشت و تۆڵەیان ئەوەیە: نەفرینی خواو فریشتە و هەموو خەڵکییان لەسەرە بەگشتی . .
(٨٨) لەناو ئەو خەشم و نەفرینەدا دەمێننەوە و سزا لەسەریان سووك ناکـرێت و مـۆڵەتیش نادرێن. (بۆ ئەوەی داکۆکی لەخۆیان بکەن).
(٨٩) مەگەر کەسانێك کە فریای خۆیان کەوتبن و تەوبەیان کـردبێت لە دوای ئـەو لادان و یاخیی بوونەیان و چاکسازیشیان کردبێت، ئەوە بـەراسـتی خـوا بـۆ ئـەوانـە لێـخۆشبوو و میهرەبانە.
(٩٠) بەڕاستی ئەوانەی دوای باوەڕ هێنانیان کافر بوون و لەوەودوا زیاتر رۆچوون لەکوفرو بێدینیدا، ئەوانە پەشیمانی و تەوبەیان هەرگیز لێ وەرناگیرێت، ئا ئەوانە دەستەی گـومڕاو سەر لێشێواوەکانن.
(٩١) بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕ بوون و بەبێ باوەڕیی مردوون، (ئەگـەر) هـەریەکـەیان بتوانێت پڕ بەپڕی زەوی ئاڵتون بهێنێت و بیکات بەفیدیەی خۆی هەرگیز لێی وەرناگیرێت، ئەوانە سزای بە ئێش و ئازار بۆیان ئامادەیە وکەسیش نی‌یە پشتیوانییان لێ بکات و فریایان بکەوێت.